# ڕۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵح
# لە سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی

م. سروود ولی اسماعیل جاف        پ.ی.د. عادل مجید گەرمیانی
زانکۆی بەغدا/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد        زانکۆی بەغدا / کۆلێژی زمان

## پێشەکی

ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا ، وەك پرۆسەیەکی مەعریفی و هەڵسکاندنی دەقی ئەدەبی ، پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی و بەتایبەتی لە ساڵەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ، نەشونماو گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی پاش ئەوەی چەندین دەقی ئەدەبی ( شیعر ، کورتە چیرۆك ، ئەدەبی منالان ، وتاری ئەدەبی ) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سالانە هاتە بلاوکردن .

ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردی ئەو ڕۆژگارە لە چەند بوارێکی ئەدەبی و مەعریفی پێنووسی خۆیان تاقیکردەوە ، بۆ نموونە پیرەمێرد لەهەردوو بواری شیعرو ڕۆژنامەنووسی خاوەن دەستڕەنگینی خۆی بوو ، هەروەها جەمیل سائیب لەهەردوو بواری چیرۆك و ڕۆژنامەنووسی ئەسپی خۆی تاوداو ، شێخ نووری شێخ ساڵح لە بوارەکانی شیعری کوردی و ڕۆژنامەنووسی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی زیاتر لە هاوەڵەکانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو ، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەیەوە پێشکەش بکەین .

شێخ نووری شێخ ساڵح هەرچەندە وەك هۆنیارێکی ناوداری شیعری نوێی کوردی ناسراوە ، بەلام لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا قەلەمی خۆی تاقیکردووەتەوەو ، لەم بوارەدا بیست و پێنج ئەلقەی بەناونیشانی ( ئەدەبیاتی کوردی ) لە ڕۆژنامەی ( ژیان ) بلاوکردووەتەوە ، کەوا هەفتانە هەموو پێنجشەممەیەك دەردەچوو . ئەلقەی یەکەم لە ژمارە ( ٢٠ )ی ڕۆژی پێنجشەممەی ١٠/٦/١٩٢٦ بلاوکراوەتەوەو ، دوا ئەلقەی لە ژمارە ( ٥٨ )ی ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٢٤/٣/١٩٢٧ بلاوکراوەتەوە .

ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی تا بلاوکردنەوەی بیست و پێنج ئەلقەی نووسینە ڕەخنەییەکەی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەی ( ژیان )دا زیاتر سەرزاری بوو ، جگە لەو جۆرە ڕەخنەیە لەنێو هەندێ لە شیعرەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و مەحوی بەرچاو دەکەوێت ، کەوا بە جۆرە ڕەخنەیەکی ناوەوەی دەقی شیعری دادەنرێت ، بەلام نووسینە ڕەخنەییەکەی شێخ نووری شێخ ساڵح بە سەرەتایەکی کاریگەری ڕەخنەی نووسراوو چاپکراوو بلاوکراوی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دادەنرێت ، بۆیە لەم دەلاقەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان سوودو گرنگیی خۆی هەیە .

ئەم لێکۆڵینەوەیە ، کەوا ڕێبازی ( استقرائی ) مان بۆ نووسینی هەڵبژاردووە ، لە پێشەکی و دوو تەوەرو ئەنجام پێکهاتووە ، تەوەرەی یەکەمان بۆ باسکردنی ڕەوت و سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی تەرخانکردووەو ، تەوەرەی دووەممان بۆ هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح تەرخانکردووەو ، بە پێی توانا لایەنکانی داهێنان و لاساییکردنەوەی نێو بۆچوونە ڕەخنەییەکانی شێخ نووری شێخ ساڵحمان خستووەتەڕوو . هیوادارین ئەم لێکۆڵینەوە کەلێنێکی لە ڕەخنەی ئەدەبیی کورد یمان پڕکردبێتەوە و ، سوودی خۆی هەبێت بۆ خوێنەرانی .

## تەوەرەی یەکەم : سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی

**ڕەخنەی ئەدەبی ، وەك بەرهەمێکی ژیری و مەعریفی ، تازە بابەتە لەنێو ڕەوتی ئەدەبی کوردیدا ، سەرەتای سەرهەڵدانی بە شێوەی نووسراو بۆ پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی دەگەڕێتەوە .**

**ڕەخنەی ئەدەبی وەك نووسینێکی پەخشان ئامێز ، هەروەها وەك بەرهەمێکی ژیری و مەعریفی کۆنە لەنێو مێژووی ئەدەبیی جیهانیداو بۆ سەردەمی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لە سەدەکانی پێش زاییندا دەگەڕێتەوە ، بەلام**

لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی زۆر کۆن نییە و ، سەرەتای سەرهەڵدانی بە شێوەی نووسراو بۆ پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی دەگەڕێتەوە ، بەڵام لەنێو شیعردا خاوەن مێژوویەکی هەندێ کۆنترەو ، دەکرێ سووکە ڕەخنەکانی نێو چوارینەکانی بابا تایەر هەمەدانی بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیاردەیە لەنێو شیعری کوردیدا دابنەین.

لەبارەی چەمك و ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ئەبرامز دەڵێ : " ڕەخنە ئەو لقەی لێکۆڵینەوەیە کە پێوەندی بە پێناسەکردن و پۆلێنکردن و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەدەبەوە هەیە "(١) .

ڕەخنە وەك کارێکی هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی ، یان وەك پیادەکردنی تیۆرێکی ڕەخنەیی بەسەر دەقێکی ئەدەبی ، سوودی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری گەشەسەندن و نەشونماکردنی دەقی ئەدەبی لەنێو ئەدەبی گەلاندا . ئێمەی کوردیش لە بواری بەرهەمی ئەدەبیدا خاوەن سامان و گە نجینەیەکی دەوڵەمەندین ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تا سەدەی بیستەهەمی ڕابردوو خاوەن بەرهەمی ڕەخنەیی نین وەك گەلانی دوور و نزیکی خۆمان .

دیارە بایەخ نەدانی میرنشینانی کورد بە ئەدیب و نووسەر و هۆنیاران لە لایەك و ، لەتبوونی خاکی کوردستان لە سەدەکانی ڕابردوو تا ئەم ڕۆژگارەو ، نووسینی دەقی ئەدەبی بە شێوەزاری ناوچەیی لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە درەنگ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو ڕەوتی مێژوویی ئەدەبی کوردیمان . دەکرێ بڵێین هەردوو کێشەی نەبوونی زمان و ڕێنووسێکی یەکگرتوو تا ئەم ڕۆژگارە ڕۆڵی خۆیان هەیە لە درەنگ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، نابێ درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بیری خۆمان دوور بخەینەوە کەوا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبیدا ، ئەمە جگە لە نەبوونی چاپخانەی کوردی تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی کەوا ڕۆڵی خۆی هەبووە لە هان نەدانی نووسەرانی ئەو سەردەمانە بۆ چاپکردنی بۆچوونی ڕەخنەیی خۆیان بە شێوەی کتێب .

ئێمە لەم باسەماندا کە بە ناونیشانی ( سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ) یە هەوڵدەدەین هەنگاوە سەرەتاییەکان دەستنیشان بکەین وەك دەروازەیەك بۆ باسکردنی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیمان بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە ، کەوا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چەند هەنگاوی باشی ناوە و ، هەندێ گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینیوە لەڕووی چۆنیەتی و چەندێتییەوە . هیوادارین ئەم ئاوڕدانەوەیەمان لە ڕابردووی نزیکی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان سوودی خۆی هەبێت .

پێش هانابردنی شێخ نووری شێخ ساڵح بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ، ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی بەدوو قۆناغی دیکە ڕەتبووبوو :

یەکەمیان : قۆناغی ڕەخنەی سەرزاری ، کەوا مرۆڤی سادەو ساکار بەشێوەیەکی ڕەمەکی بەشتی خراپ دەڵێت خراپە و ، بەشتی باش دەڵێت باشە . واتە بۆ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەندە پێویستی بە زۆری زانیاریی ئەکادیمی نییە ، بەڵکو بە پێی لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنەی کردووە , کەواتە

ڕەخنەی سەرزاری جۆرە ڕەخنەیەکی کورت و سادەو ساکارە و ، ئەم جۆرە ڕەخنە سەرەتاییە لە ئەدەبەی زۆربەی گەلاندا بەرچاو دەکەوێت .

دووەمیان : هەبوونی بۆچوونی ڕەخنەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا : یەکێك لەو دیاردە زەقانەی مێژووی ئەدەبی کوردی مانەوەی دەقە ئەدەبییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی و ، ئەو جۆرە دیاردەیەش کەم و زۆر کاری لە میزاج و تێڕوانینی هۆنیارانی کورد کردووە . بۆیە دەبینین هەندێ لە بەیتە شیعرییەکانیان بۆتە زمانحاڵی سکاڵای هۆنیارانی کۆنی کورد لە دەست نەبوونی ڕەخنەی کوردی و ڕەخنەگر وەك خوێنەری زیرەك . هەر ئەم دیاردەیەش وای لە هەندێکیان کردووە کە بە زمانێکی هەندێك توندوتیژ ڕەخنە لە گوێگر و خوێنەرانی سەردەمی خۆیان بگرن . بۆ نموونە ئەحمەدی خانی لە بارەی ( نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی ) و هەوڵ نەدانی خەڵکی کوردستان بۆ بەکارهێنانی جۆرە دراوێکی کوردی تایبەت ، ئەوەتا لەم بارەیەوە خانی دەبێژێت :

*گەر دی هەبوا مە سەرفرازەك*

*صاحب کەرەمەك سوخەن نەوازەك*

*نەقدی مە دبو بە سککە مەسکوك*

*نە دما وەهە بێ رەواج و مەشکوك( [٢] )*

نالی لە سەدەی (١٩)هەمدا پاش ئەوەی لە هەندێ بەیتدا شانازی بە خۆی و ئەدەب و شیعرەکانی دەکات ، ئەوسا بە بێزارییەوە بۆچوونی ڕەخنەی خۆی دەخاتە ڕوو وەك لەم بەیتەدا دەڵێ :

*عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم*

*زۆرم وت کەس تێنەگەیی ئێستا خەمۆشم ( [٣] )*

لەم بەیتەدا بۆمان دەردەکەوێ خوێنەری زیرەکی هۆنراوەکانی نالی لە سەردەمی خۆیدا نەبووە یان زۆر کەم بووە ، ئەم لایەنەش وای لە (نالی) کردووە لە ڕووی ویژدانییەوە بگاتە حاڵەتی خامۆشی . هەروەها لەوانەشە سروشتی خوێنەرانی سەردەمی (نالی) ئەوەندە مەیلیان بە لای ئەدەبی کوردیدا نە چووبێ ، تەنانەت زمان و ئەدەبی کوردی بە لایانەوە کەم بایەخ بووبێ و ئەمەش وای لە (نالی) کردووە ڕەخنە بگرێ و بڵێت :

*کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکردیە خۆکوردییە*

*هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا ( [٤] )*

هەروەها ئاست نزمی خوێنەرانی سەردەمی (نالی) و بە باشی تێنەگەیشتنیان وای لەم هۆنیارە کردووە پاکانە بۆ خۆی بکات و ، داوا لە نیمچە ڕەخنەگرانی سەردەمی خۆی بکات کە بە خراپی واتای شیعرەکانی لێکنەدەنەوە ، کە ئەو جۆرە شیعرانە بە لای (نالی)یەوە وەك جگەرگۆشەکانیەتی و لەم بارەیەوە دەڵێ :

*لە جگەرگۆشەی شیعرم مەدە مەعنای خراپ*

*بێ خەتا کەس نییە ڕازیم بکات لە ئەولادی بلەدیْ (٥)*

کەواتە (نالی) لەم بەیتەدا ڕازی نییە بە خراپ واتای هۆنراوەکەی لێکبدرێتەوەو سووکایەتی بە هۆنراوەکانی بکرێ و ، ڕەخنەی لێ بگیرێ لە لایەن نیمچە ڕەخنەگرەکانی سەردەمی خۆیەوە . هەرچەندە (نالی) دان بەوەشدا دەنێت کەوا هیچ کەس بێ هەڵە نییە و ، لەوانەیشە ئەم جۆرە هەڵە و خەتایە لە هەندێ هۆنراوەکانی بەدی بکرێت .

لە ئە نجامی ئەم نموونە شیعرییانە دەتوانین ئەوە بڵێین کەوا ڕەخنەی کوردی سەرەتا بە شێوەی ڕەخنەی ناوەوەی دەق لە هۆنراوەی کلاسیکی کوردیدا سەری هەڵداوە . هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین کەوا ئەگەر ڕەخنەگر لە سەردەمی هۆنیارانی کلاسیکی کوردیدا هەبوایە شوێنی پە نجەیان لە ڕەوتی ڕەخنەی کوردیدا دیار و کاریگەر دەبوو . ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت بۆمان هەیە ئەم نموونە شیعرییانە و هەندێ نموونەی دیکە بکەینە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە شێوەی نووسراو لەنێو شیعری کلاسیکدا .

***تەوەرەی دووەم :***

***چەردەیەك لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح***

وەك دەزانین شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕابەرانی نوێکردنەوەی هۆنراوەی کوردییە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەم هۆنیارە ماوەیەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی(ژیان) بووە، کەوا دوای داخستنی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بە هەفتەیەك دەستی بە دەرچوون کردووە. ئەگەر جەمیل سائب بە حوکمی ئەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیانەوە بوو توانی (١٨) ئەڵقە لە چیرۆکە درێژەکەی بە ناونیشانی ( لە خەوما ) لە ڕۆژنامەی ( ژیانەوە ) بڵاوبکاتەوە ، ئەوا شێخ نووریش بە حوکمی ئەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( ژیان ) بوو توانی (٢٥) ئەڵقە لە نووسینە ڕەخنەییەکەی بەناونیشانی ( ئەدەبیاتی کوردی ) لە ڕۆژنامەکەیدا بەناوی ( م. نووری )بڵاوبکاتەوە، کەوا ئەڵقەی یەکەمی بەناونیشانی (صنعەت و صنائع نفیسەچییە؟) لە ژمارە (٢٢)ی ڕۆژنامەی ( ژیان ) دا لە ڕۆژی ١٠/ ٦/ ١٩٢٦ بڵاوکردۆتەوە.

خوێنەرانی ئەو (٢٥) ئەڵقەی وتارەکانی شێخ نووری بۆی دەردەکەوێ کەوا شێخ نوری لەژێر کاریگەریی هەندێ لە ڕەخنەگرانی کۆنی عەرەبدا بۆچوونەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، هەرچەندە لەڕووی ئەمانەتی زانستییەوە دەبوایە ئاماژەی بەو سەرچاوانە بکردایە کەوا سوودی لێ بینیون.

شێخ نووری شێخ ساڵح ، هەرچەندە بە ڕابەری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دادەنرێت ، بەڵام ئەو نووسینە ڕەخنەییەکەی زیاتر تیۆرییەو ، تا ڕادەیەك لەبازنەی تیۆری ئەدەبدا خولاوەتەوەو ، ئەوەندە خۆی لە قەرەی ئەدەبی کوردی نەداوە ، هەرچەندە ناونیشانی ( ئەدەبیاتی کوردی ) بۆ نووسینە ڕەخنەییەکەی داناوە .

لە سەرەتای نووسینە ڕەخنەییەکەی ڕایدەگەیەنێ کەوا ئەدەب شوعبەیەکە لە صەنایع نەفیسە ، واتائەدەب بە لای شێخ نوورییەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی پیشەی گرانبەها کە نازناوی صنائعی نەفیسەی لێ

ناوه. پاشتر باس له جۆرەکانی کاریگەری جوانیی( هەیەجانی بەدیعی ) دەکات و ، بەدوو جۆر پۆلێنی دەکات : یەکەمیان خۆشه ناوی ( حەڤ و مەمنوونیەت )ی لێدەنات کەوا له ئه نجامی گوێگرتن لـه مۆسیقایەکی نەشئەبەخش دروست دەبێت و ، دووەمیان ناخۆشه ناوی ( حوزن و ئەلەم )ی لێدەنات کەوا له بیستنی هەواڵی مردنی کەسێك سەرهەڵدەدات . لـەم بارەیـەوه دەڵێـت : "لەوحەیێک، بیناییکی ڤەریف هەیکەلێککی ماهیرانەمان کە تماشا کرد. مۆسیقەیێک یاخود قصەیێک جوانمان بیست، یا وەچعێککی موئەسرمان تەماشا و یا حیکایێتێککی فاجعمان کە ئیستماع کرد ئەو هەیەجانەی کە بۆ ئێمە پەیدا دەبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ حسیاتی تەفریق بکرێ پێی دەڵێن هەیەجان بەدیعی "(٦) .

شێخ نووری به پێی تێگەیشتنی دوو جۆر پیشه ( صەنایەع ) دیاری دەکات ، یەکەمیان بۆ ڕا پەڕاندنی پێویسته ڕۆژانەی مرۆڤ وەکو دارتاش و بەرگدروو سەراج و ئاسنگەر ، دووەمیان ئەوەی جۆره هونەرێك لەکارەکەی هەیه وەکو پزیشك و پارێزەرو ئەندازیار ، کاری هونەریش وەکو جۆرەکانی ئەدەب و هونەر دەخاته خانەی ئەم جۆره ، چونکه " ئەم شەقەیان به هونەر و مەهارات ئیعتبار ئەکرێ، مەسەلەن کە وتت فڵان صاحیب صەنعەته یەعنی صاحب مەهارات و مەعریفەته "(٧) .

پێناسەی صەنعەت بەلای شێخ نوورییەوه ئەمەیه : " بنائەن عەلیەی سابت بۆ ئەوەی کە حەڤ وهەیەجان بەدیعی بۆ ئینسان پێدا ئەکا صەنعەته لەبەر ئەمە ناوی ئەمانە تەره صەنایع نەفیسه "(٨) واته بەلایەوه ئەوەی خۆشی و کاریگەری جوانی ببەخشێ صەنایەع نەفیسەیه ، یان بەرهەمی گرانبەهایه ، کەواته بەلایەوه ئەدەب بەرهەمی گرانبەهایه ، ئەمەش بەلامانەوه ئاوەردانەوەیەکی گرنگه له بەهای ئەدەب لەو ڕۆژگارەدا . بەم شێوەیه شێخ نووری دەگاته ئەوەی ئەدەب بەشێکه له پیشەی گرانبەها ، کەوا کاریگەری جوانکاری دەبێ له ناخەوەی هزری مرۆڤدا ، چونکه " مادام ئەدەبیات صەنعەته و صەنعەتیش به وەسائیگ موختەلیفه لە ڕۆحدا تەحصیل حەڤ و هەیەجان بەدیعیه . ئەدەبیاتیش ( صەنعەت کەلام ) به واسیگەی قصه و گیرازی ئیفادەوه لە ڕۆحدا تەولیدی هەیەجان بەدیعیه "(٩).

بەلای شیخ نووری شێخ ساڵحەوه ئەدەبیات لەڕێی صەنعەتی کەلامەوه ، واتا پیشەی ئاخافتن له ڕێگای سەرگوزشته و جۆری سوودبەخشینەوه جۆره وروژاندنێکی جوانکاری لەو داهێنانەدا دروست دەکات .

**پیشەی ئاخافتن ( صەنعەتی کەلام ) بەلای شێخ نورییەوە دابەشکراوتە سەر دوو جۆر:**

**١- شیفاهی یان سەرزاری**

**٢- تەحریری یان نووسراوی**

**لێرەدا جیاوازییەك دروست دەكات لە نێوان ئەو كەسانەی ئاخاوتنی سەرزاری و ئاخاوتنی نووسراو بەكار دەهێنن و ، بەلایەوە ئەگەر ئەو كەسەی ئاخاوتنی سەرزاری بەشێوەیەكی سەركەوتوو بەكار هێنا ئەوا وتاربێژە و ، ئەوەی لە نووسیندا ئاستی هونەری خۆی بخاتە ڕوو ئەوا ئەو ئەدیبە .**

**یەكێك لە بۆچوونەكانی شێخ نووری لە بواری ئەدەبیاتدا ئەوەیە، كەوا هەموو شیعرێك بەرهەمێكی ئەدەبییە، بەڵام هەموو بەرهەمێكی ئەدەبی شیعر نییە. واتە ئەدەب بەلایەوە بریتییە لە چەند ڕەگەزێك و شیعریش یەكێكە لەو ڕەگەزە ئەدەبییانە.**

**شیعر بەلای شێخ نورییەوە ورووژاندنێكی گیانییە سوود لە ئەندێشە و خوازە ڕەنگاوڕەنگەكانی دەبینێ و خۆی پێ دەڕازێنێتەوە. هەروەها پێناسەی شیعر بەلای شێخ نورییەوە ئەوەیە كەوا بەرهەمێكی ئەدەبییەو خاوەن خەسڵەتی بزواندنی گیانییە و ، ورووژاندنی هەستی جوانكاری دەكات ، ئەوسا شیعری پێ دەوترێ ، لەم بارەیەوە دەڵێت " هەموو ئەسەرێكی ئەدەبی شیعر نییە ، بەڵكو شیعریش شوعبەیێكی ئەدەبیاتە ئەو ئاسارە كە حسییات و تەئسیرات ڕۆحی ئیفادە ئەكا و بە خەیاڵات و مەجازات ڕەنگاورەنگەوە موزەیەن بێ (شیعر) و بەو كەسەی ئەم نەوعە ئاسارانە دەهێنێتە وجوود ئەڵێن شاعیر . لە ئاساری ئەدەبیەدا بەو خاصییە كە حەرەكەت ڕۆحیە و هەیەجان بەدیعی حاصڵ ئەكا دەڵێن شیعر . مەسەلەن دڵێن شیعر . مەسەلەن ئەڵێن لەم ئەسەرەدا شیعریا (شیعرێتی ) تیایە یەعنی لەم كتێبەدا خاصەیێكی موهەیجە هەیە "(١٠) .**

**شێخ نووری جوانی دەكاتە كەرەستەی ئەدەب و ڕاستیش دەكاتە كەرەستەی لۆجیك و ، بەم شێوەیە هۆنراوە دەخاتە نێو ئەدەبەوە و وتاریش دەخاتە نێو خانەی لۆجیكەوەو، لەم بارەیەوە پرسیار دەكات: " لە نێوان ئەدەبیات و منگق دا چ پەیوەندییەك هەیە؟ ". لە وەڵامیشدا هەندێ تێڕوانین و تێفكرین دەكات و ، لە ئەنجامیشدا دەگاتە ئەوەی كە بنەمای ئەدەبیات جوانییە و ، بنەمای لۆجیكیش ڕاستییە ، لەم بارەیەوە دەڵێت " ئەساسی ئەدەبیات جوانییە یەعنی لیباسێكی جوان بدرێ بە مەعنایێك و ئەساسی مەنتقیش ڕاستیە "(١١) . هەروەها بەلایەوە نزیكبوونەیەك لە نێوان لۆجیك و وتاربێژیدا هەیە ، هەرچەندە وتاربێژی بەلایەوە لە توانایدا هەیە ببێتە بەشێكی ئەدەب .**

**هەڵەیەكی زەقی شێخ نووری لەم ڕەخنەدا لەوەدایە، كەوا بەلایەوە ئەدەب و هونەر هیچ پەیوەندییەكیان بە یەكەوە نییە و ، بەلایەوە هونەر لە زانست نزیكترە و ، لەم بارەیەوە دەڵێ: " ئەدبیات لەگەڵ**

عیلم و فەنـدا چە مونـاسەبەتێکیان هەیە؟ هەتـاکو ئێمڕۆ ئەم مونـاسەبەتە تەعیین نەکرابوو فەقەت ئێمڕۆحیدوودی مونایەبەتی ئەدەبیات و عیلم وفەن بە تەواوی مەعلووم بووە ئەوەڵ جار لازمە بـزانین کە ئەدەبیات لەگەڵ عیلم و فەندا ڕاست و ڕەوان هیچ موناسەبەتێکیان نییە . چونکە عیلم و فەن بە عەقڵ ، بە موحاکەمە بە حـدووس نەتیجەیێک ئەڵێن کە موستەنەد بە مەنـتیق . ئەدەبیات تەنها سەعی بۆ ئەوە ئەکا کە تەزاهـورات کوتـاکەوتـنی حەیات بە سوورەتی کە دیویەتی یا تێگەیشتووە تەسویر وشەکلێکی بەدیعی و جوانی بداتێ "(١٢).

واتە ئەدەب بەلای شێخ نوورییەوە کۆشش بۆ ئەوە دەکات هەندێ دیاردەی جۆراوجۆری ژیان بەو شێوەیەی کە دیویەتی ، یان لێی تێگەیشتووە، وێنەی بگرێ و وێنەیەکی جوانکاری پێ ببەخشێ .

بەلای شێخ نوورییەوە بەرهەمی ئەدەبی کارێکی شەخسییە ، بەڵام زانست ( علم )و هونەر ( فن ) کارێکی نا شەخسییە ، چونکە خاوەن هەندێ ڕاستییە ناگۆڕێت . هەروەها بەلای شێخ نـوورییـەوە پێوەنـدی کاریگـەر لەنێوان ئەدەب و مێژوو هەیە ، چونکە لەهەردووکیان وێنەی ڕووداوەکان دەگیرێت .

ئەدەب بە گشتی بەلای شێخ نوورییەوە دوو جۆرە : نەزم و نەسرە ، واتە شیعرو پەخشانە ، چونکە نـەزم بەلایەوە دەبێ وەزن ( کێش )و سەروا ( قافیە )داربێ ، بەڵام پەخشان ئەو مەرجەی تێدا نییە . لە ڕاستیدا شێخ نووری لەژێر کاریگەریی هەندێ لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ڕەخنـەگرانی کـۆنی عـەرەب و عـەروزی عەرەبدا ئاوڕی لە سروشتی شیعر بە گشتی داوەتەوەو ، لە سەردەمی خۆیدا ئەو نووسینەی دەچێتە خانەی پێشەنگایەتی لە بواری ڕەخنەی کوردیدا لە سەردەمی خۆیدا شتیکی نوێ بووە بەلای ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە ، کەوا هیچ بابەتێکی ڕەخنەیی بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕا بوو .

شێخ نووری لەو باوەڕەدایە بەهای ڕاستی کێش و سەروا ئاهەنگ و ئاوازە ، واتا کێش و سەروا ئاوازی شیعر دروست دەکەن و ، بەلایەوە کێش تەرازووی ئاهەنگی شیعرەکەیە . هەروەها بەلایەوە کێش لە هەندێ دەنگ پێکهاتووەو ، لەم بارەیەوە دەڵێت : " وەزن لە ئاهەنگی ئەصوات و ئەصواتیش لە حـرووف مەدادار مورەکەبە "(١٣) . جۆرەکانی کێش بەلای شێخ نوورییەوە دوو جۆرن:

١- کێشی پەنجەیی

٢- کێشی عەروزی

بۆ دەستنیشان کردنی هەردوو هەنگاو کورت و درێژی کێشی شیعری هەمان نیشانەی عەرووزی عەرەبی بەکار هێناوە. هەروەها بە لای شێخ نوورییەوە دوو جۆرە ئاخاوتن هەیە. یەکەمیان لە خانەی ئەدەبـدا دادەنـا، دووەمیان لە خانەی لۆجیك ( منگق ) دادەنا.

شێخ نووری بە دوور و درێژی باس لە شێوازیان ئیسلوبی شیعر دەکات و، ئەڵقەی بۆ ئەم لایەنە تـەرخان کردووەو ، پێناسەی شێواز بەم شێوە ساکارە دەکات " ئیسلووب بەو گیرازەی مەخصووص لیسان

ئەڵـیێن کـە هەر خەتی بێ یاخـود هەرمی حـوەرێک ئەوەی لە دەمـاغیایەتی ئیفادە ئەکـات "(١٤) . بە پێی تێڕوانینی ئەم سەردەمە ئەو بۆچوونەی شێخ نـووری دەربـارەی شـێواز ئەوەندە سەرنجراکێش نییە، هەرچەندە ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی ئەو کتێبانە دەکات کەوا شـێواز دابـەش دەکەن سەر سێ جۆر: یەکەمیان شێوازی سادە و دووەمیان ناوەندو ڕازێنراو ( موزەیییەن ) و سێیەمیان شێوازی بەرز ( عالی ). بەلای شێخ نوورییەوە شێواز وەك ئەدەب شەخسییەو ، هەریەك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و ، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت : " یەعـنی ئەدەبیات چۆن شەخسی یە ئیسـلووبیش شەخـــسی یە، چۆن هەر شەخـــصێ مەخصـــووص خۆی زەوقێکی ئەدەبی و گیرازێکی تەحەســـــس و تەفـکـیری هەیە ئەیـنەن مەخصـــــــووص خۆی ئیسلووبیشی هەیە، ئیلاقەی ئیسلووب بەشەخسەوە ئەوەندە موهیمە چۆن وتمان بێ ئەوەی ڕووی ڕەفیقەکەت بـبـینی بە ڕۆیشـتنیا ئەنـاسیتەوە نووسینی یەکێکیشت کە زۆر خوێندەوە قـابیل نییە گیرازی مەخصـوصی بیانی ئەناسێتەوە " ، بـۆ نموونـە شـێخ نـووری دەڵێـت : " شێخ ڕەزا بە بەلاغەت و شەعشەعەی ئەلفاز و گەنگەنەی ئـاهەنگ، نـالی بە دەقیقـی ئەفکـار و جیناس و (نکتەسنجی ) ئەوەندە مەعـرووفن کە ئەو کەسەی مەراقی شیعـر و ئەدەبیاتی بـبێ و تەتەبعـاتی شیعـری کردبێ و ئیسـلووبی تەدقیق کربێ هەر بە خوێندنەوەی شیعریاندا ئەم دوو ئە دەیبە دەست بچێ ئەناسی " .

شێوازی ئەدەبی بەلای شێخ نوورییەوە بە واتای شێوەی جوان و تەواوکاری دێت ، کەوا لەڕێی بەکارهێنانی زمان و ئەندێشەی کاریگەرەوە دەبێت بۆ نواندنی کاریگەری ئەدەب ، کەوا پێوەنـدی کاریگـەری هەیـە بـە شـێوازەوەو ، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت : " غـایەی ئاسـاری ئەدەبیە ئەوەیە کە لە ڕۆحـدا هەیەجان بەدیعی حاصل بکا، حاصل بـوونی ئەم هەیەجـانە ئەوەڵەن بە ئەفکـار و حـسیات، بە خەیاڵات و تەشـبیهـات تەرتیب ئەکـات. سـانیەن ئەم ئەفکـار و حسیاتە، ئەم خەیاڵ و تەشبیهاتە لازم ئەکا بە شکلێکی بەدیع و موکەمەل تەبلیغ بکرێ "(١٥) .

خوێنەر سەرجەمی ( ٢٥ ) ئەڵقەکانی ڕەخنەی شێخ نووری دەکاتە تێبینییەکی سەرنج ڕاکێش ، کەوا نازانێ لەبەر چ شێوەیەك ، یان لەبەر چ هۆیەك شێخ نووری لەو شێوازە نووسینە کوردییە پەتییەی خۆی پەشیمان بوەتەوە، کە وا بە هۆیەوە پاداشتی پێشبڕکێکەی ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) لە ساڵی (١٩٢٠) دا وەرگـرت ، کەوا بۆ باشترین نووسینی کوردی تەرخان کرابوو، شێخ نووریش لە ئە نجامی پێشکەش کردنی هۆنراوەیەك بە ناونیشانی ( جووت و گا شتێکی چاکە ) ئەو پاداشتەی بەدەست هێنا بوو. هەروەها تێبینییەکی دیکە لای خوێنەری ئەو وتارە ڕەخنەیی شێخ نووری سەرهەڵدەدا، کەوا لەوانەیە لەبەر نەبوونی هەندێ زاراوەی کوردی بەرامبەر بە زاراوە عەرەبییەکان لە بواری ڕەوانبێژیدا هۆکارێکی گرنگ بێ بۆ پەیڕەو نـەکردنی زمـانێکی کوردی پەتی لەو نووسینە ڕەخنەییدا ، کە لە ڕاستیدا بە یەکەم هەنگاوی دروستی ڕەخنەی کوردی دادەنرێت لەڕووی تیۆرییەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەهەمدا.

دەتوانین بڵێین بڵاوکردنەوەی ئەو ( ٢٥ ) ئەڵقە ڕەخنەییەی شێخ نووری لە ڕۆژنامەی ( ژیان )دا بەڵگەیەکە بۆ ڕۆڵی گرنگی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە گەشە پێدانی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا.

---

## ئەنجـــــــام

١- ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا ، وەك پرۆسەیەکی مەعریفی و هەڵسکاندنی دەقی ئەدەبی ، پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی و بەتایبەتی لە ساڵەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ، نەشونماو گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی .

٢-ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی تا بڵاوکردنەوەی بیست و پێنج ئەلقەی نووسینە ڕەخنەییەکەی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەی ( ژیان )دا لە ساڵی ١٩٢٦دا زیاتر سەرزاری بوو ، جگە لەو جۆرە ڕەخنەیە لەنێو هەندێ لە شیعرەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و مەحوی بەرچاو دەکەوێت ، کەوا بە جۆرە ڕەخنەیەکی ناوەوەی دەقی شیعری دادەنرێت .

٣- شێخ نووری شێخ ساڵح لە بوارەکانی شیعری کوردی و ڕۆژنامەنووسی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی زیاتر لە هاوەڵەکانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە .

٤-نووسینە ڕەخنەییەکی شێخ نووری شێخ ساڵح بە سەرەتایەکی کاریگەری ڕەخنەی نووسراوو چاپکراوو بڵاوکراوی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دادەنرێت

٥- شێخ نووری شێخ ساڵح ، هەرچەندە بە ڕابەری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دادەنرێت ، بەڵام ئەو نووسینە ڕەخنەییەکەی زیاتر تیۆرییەو ، تا ڕادەیەك لەبازنەی تیۆری ئەدەبدا خولاوەتەوەو ، ئەوەندە خۆی لە قەرەی ئەدەبی کوردی نەداوە ، هەرچەندە ناونیشانی ( ئەدەبیاتی کوردی ) بۆ نووسینە ڕەخنەییەکەی داناوە .

٦-یەکێك لە بۆچوونەکانی شێخ نووری لە بواری ئەدەبیاتدا ئەوەیە، کەوا هەموو شیعرێك بەرهەمێکی ئەدەبییە، بەڵام هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی شیعر نییە. واتە ئەدەب بەلایەوە بریتییە لە چەند ڕەگەزێك و شیعریش یەکێکە لەو ڕەگەزە ئەدەبییانە.

٧- شیعر بەلای شێخ نورییەوە وروروژاندنێکی گیانییە سوود لە ئەندێشە و خوازە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەبینێ و خۆی پێ دەڕازێنێتەوە. هەروەها پێناسەی شیعر بەلای شێخ نورییەوە ئەوەیە کەوا بەرهەمێکی ئەدەبییەو خاوەن خەسڵەتی بزواندنی گیانییە و ، وروروژاندنی هەستی جوانکاری دەکات ، ئەوسا شیعری پێ دەوترێ .

٨- شێخ نووری جوانی دەکاتە کەرەستەی ئەدەب و ڕاستیش دەکاتە کەرەستەی لۆجیك و ، بەم شێوەیە هۆنراوە دەخاتە نێو ئەدەبەوە و وتاریش دەخاتە نێو خانەی لۆجیکەوە .

٩- ئەدەب بە گشتی بەلای شێخ نوورییەوە دوو جۆرە : نەزم و نەسرە ، واتە شیعرو پەخشانە ، چونکە نەزم بەلایەوە دەبێ وەزن ( کێش )و سەروا ( قافیە )دار بێ ، بەڵام پەخشان ئەو مەرجەی تێدا نییە .

١٠- لە ڕاستیدا شێخ نووری لەژێر کاریگەریی هەندێ لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانی کۆنی عەرەب و عەروزی عەرەبدا ئاوڕی لە سروشتی شیعر بە گشتی داوەتەوەو ، لە سەردەمی خۆیدا ئەو نووسینەی دەچێتە خانەی پێشەنگایەتی لە بواری ڕەخنەی کوردیدا لە سەردەمی خۆیدا شتیکی نوێ بووە بەلای ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە ، کەوا هیچ بابەتێکی ڕەخنەیی بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕا بوو .

١١-شێخ نووری لەو باوەڕەدایە بەهای ڕاستی کێش و سەروا ئاهەنگ و ئاوازە ، واتا کێش و سەروا ئاوازی شیعر دروست دەکەن و ، بەلایەوە کێش تەرازووی ئاهەنگی شیعرەکەیە . هەروەها بەلایەوە کێش لە هەندێ دەنگ پێکهاتووە .

١٢-شێخ نووری لەم وتارە ڕەخنەییەدا بەلێشاو وشەو زاراوەی عەرەبی بەکارهێناوەو ، دوور کەوتووەتەوە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی ، کەوا بە هۆیەوە پاداشتی پێشبڕکێی ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن )ی لە ساڵی ١٩٢٠ وەرگرتووە .

## الخلاصـة باللغة العربية

يعد النقد الأدبي من أهم أقسام علم الأدب ، لكونه ذو صلة فاعلة بتاريخ الأدب ونظرية الأدب وجمالية الأدب والمقارنة الأدبية ، ونستطيع القول بأن ظهور النقد الأدبي في أدب أية أمة ظاهرة مبشرة بتطور وأزدهار الأجناس الأدبية فيها ، لكون النقد الأدبي في حقيقته تحليل وتقييم وتقويم للنصوص الأدبية مما يؤدي بالنتيجة الى تجاوز كاتب النص لهفواته ، ويؤدي ايضاً الى زيادة فهم القاريء العادي للنصوص المنقودة .

ظل الأدب الكردي حتى بداية عشرينيات القرن الماضي يفتقر للنقد الأدبي ، مما حدى بالشعراء الكرد في القرون الماضية اللجوء الى النقد الباطني في قصائدهم الشعرية ، ومع تواصل ازدهار الصحافة الكردية في بداية القرن الماضي قام الشيخ نوري الشيخ صالح بنشر خمسة وعشرين حلقة من مقالة نقدية سماها (الأدب الكردي) في جريدة (زيان) خلال عام ١٩٢٦ ، والتي كان يرأس تحريرها . تلك المقالات رغم بساطة لغتها وسلاسة اسلوب كاتبها واستخدام العديد من المفردات والمصطلحات العربية في كتابتها بلغة كردية سهلة الفهم ، تعد في حقيقتها خير بداية لظهور النقد في الأدب الكردي ، حيث يسلط كاتبها العديد من الأضواء على عدة جوانب أدبية كالشعر والخطابة والوزن والقافية والأدب والعلم والفن والمنطق والأسلوب الشعري ...الخ.

يتكون بحثنا الموسوم بـ ( دور الشيخ نوري الشيخ صالح في ازدهار النقد الأدبي الكردي ) ، من مقدمة ومبحثين وخاتمة وقائمة بالمصادر التي استفدنا منها . خصصنا المبحث الأول للحديث عن بدايات النقد في الأدب الكردي ، وخصصنا المبحث الثاني للحديث عن الجوانب التي تطرق اليها الشيخ نوري الشيخ صالح في الحلقات الخمس والعشرين من مقالته النقدية التي نشر أول حلقة منها في العدد (٢٠) من جريدة ( زيان ) الصادرة في ١٩٢٦/٦/١٠ ، واستفدنا في كتابتنا لبحثنا هذا من الأسلوب الأستقرائي لبيان وجهات نظر الشيخ نوري الشيخ صالح النقدية .

# The Role of Sheikh Nouri Sheikh Saleh in the Appearance of the Kurdish Literary Criticism

Inst.
Suroud Wali Ismael Jaf
University of Baghdad/College of Education-Ibn Rushd

Asst. Prof. Dr.
Adel Majeed Garmiani
University of Baghdad/College of Languages

## Abstract

The literary criticism is considered as the most important departments of literature science for being of effective relevance to the literature history, the literature theory, the literature aesthetics and literary comparison. So, we can say that the prominence of literary criticism in the literature of any nation is a phenomenon promising of development and prosperity of literary genres in it, for the literary criticism in its reality is an analysis, assessment and evaluation of literary texts which consequently results in the text writer's surpassing his flaws, and also leads to an increase of the ordinary reader's understanding of criticized texts.

The Kurdish literature remained until the beginning of the last century lacking the literary criticism, which made the Kurdish poets of last centuries resort to the internal criticism in their poems. With the continual prosperity of Kurdish press at the beginning of the last century, Sheikh Nouri Al-Sheikh Saleh published twenty five episode of a critical article under the title (The Kurdish Literature) in (Zian) newspaper during ١٩٢٦, which was headed by him. Despite their simple language, fluency of their writer's style and the use of many Arabic words and terms in writing them in an easy understandable Kurdish, those articles are really considered the best beginning of criticism in the Kurdish literature, where their writer sheds the lights on several literary aspects like poetry, elocution, meter, rhyme, literature, science, art, logic, and poetic style… etc.

Our research entitled (The Role of Sheikh Nouri Al-Sheikh Saleh in the Prosperity of the Kurdish Literary Criticism) is comprised of an introduction, two sections, a conclusion and a list of references from which we benefit. We dedicate the first section to talk about the beginnings of criticism in the Kurdish literature, the second section to address the aspects mentioned by Sheikh Nouri Al-Sheikh Saleh in the ٢٥ episodes of his critical article which he published its first episode in the issue (٢٠) of (Zian) newspaper issued on ١٠/٦/١٩٢٦. We benefit in our writing of our research from the deductive style to manifest the critical views of Sheikh Nouri Al-Sheikh Saleh.